Sagor för barn på svenska

berattelser.se

مۆزەکانی نەنک / Mormors bananer

Skriven av: Ursula Nafula
Illustrerad av: Catherine Groenewald
Översatt av: Agri Afshin (ckb), Lena Normén-Younger (sv)

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på många språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons Erkännande 3.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/3.0/deed.sv

مۆزەکانی نەنک

Mormors bananer

Ursula Nafula
Catherine Groenewald
Agri Afshin
kurdiska (sorani) / svenska
nivå 4

(utan bilder)

باغچەکەی نەنە پڕ بوو لە گەنمەشامی و هەرزن و مانیۆك. بەڵام مۆزەکان لە هەموان باشتر بوون. هەرچەند کە نەنکم نەوەی زۆری هەبوون، بەڵام من بەنهێنی زانیم، کە من لای ئەو لە هەموان خۆشەویسترم. ئەو زۆربەی کاتەکان منی بۆ ماڵی خۆی بانگێشت دەکرد. هەروەها ئەو نهێنی وردی پێ دەگوتم. بەڵام ئەو نهێنییەکی هەبوو کە لە منی ئاشکرا نەدەکرد: ئەو مۆزە گەیوەکانی لە کوێ دادەنان.

. . .

Mormors trädgård var underbar, full av durra, hirs och kassava. Men det bästa av allt var bananerna. Även om mormor hade många barnbarn visste jag i hemlighet att jag var hennes favorit. Hon bjöd ofta in mig till sitt hus. Hon berättade också små hemligheter. Men det var en hemlighet som hon inte delade med mig: var hon lät sina bananer mogna.

درەنگانێکی ئەو شەوە لە لایەن دایکم، بابم و نەنکم بانگکرام. من دەمزانی بۆچیە. ئەو شەوە کاتێك من چووم راکشام کە بخەوم، دەمزانی من جارێکی دیکە هیچ کات ناتوانم نە لە نەنکم، نە لە دایك و بابم و بێ گومان نە لە هیچ کەسێکی دیکە دزی بکەم.

. . .

Senare den kvällen ropade min mamma, pappa och mormor på mig. Jag visste varför. Den kvällen när jag gick och lade mig, visste jag att jag aldrig skulle stjäla igen. Inte från min mormor, inte från mina föräldrar och inte från någon annan heller.

رۆژێکیان من سەبەتەیەکی حەسیری گەورەم بینی کە لە دەرەوە لەبەر ماڵی نەنکم داندرابوو. کاتێك کە من پرسیارم لێ کرد ئەوە بۆ چییە، وەڵامێك کە وەرمگرتەوە ئەوەبوو : "ئەوە سەوەتە جادوەکەی منە." لە تەنیشت سەبەتەکە، گەڵای دارەمۆزێکی زۆری لێ بوو کە نەنکم سەروبنی پێ دەکردن. من بە حەزەوە پرسیارم لێکرد: "نەنە ئەو گەڵایانە بۆچی بەکار دێنی ؟" تاقە وڵامێك کە دەستم کەوت ئەوە بوو : "ئەوانە گەڵا جادوە کانی منن."

. . .

En dag såg jag en stor korg gjord av strå som stod i solen utanför mormors hus. När jag frågade vad den var till för var det enda svaret jag fick: ”Det är min magiska korg.” Näst intill korgen fanns det flera bananblad som mormor vände på då och då. Jag var nyfiken. ”Vad är bladen till för, mormor?” frågade jag. Det enda svaret jag fick var: ”Det där är mina magiska blad. ”

رۆژی پاشتر رۆژی بازاڕ کردن بوو. نەنە بەیانی زوو لە خەو هەستابوو. ئەو هەمیشە مۆزی گەیوو و مانیۆکی دەبرد کە لە بازاردا بیانفرۆشێت. من بۆ سەردانی ئەو لەو رۆژەدا پەلەم نەکرد. بەڵام من نەمدەتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر خۆمی لێ دوور بخەمەوە.

. . .

Följande dag var det dags för marknad. Mormor vaknade tidigt. Hon tog alltid de mogna bananerna och kassavan för att sälja dem på marknaden. Jag skyndade mig inte för att besöka henne den dagen. Men jag kunde inte undvika henne länge.

تەماشاکردنی نەنک، مۆزەکان، گەڵای دارە مۆز، سەبەتە گەورە حەسیرییەکە زۆر سەرنجڕاکێش بوو. بەڵام نەنکم منی بۆ کارێك بۆ لای دایکم نارد. "نەنە، تکایە، لێمگەڕێ کاتێك تۆ ئامادەی دەکەی با چاوت لێکەم..." ئەوتکای کرد: "کچم هێندە لاسار مەبە، ئەو کارەی پێم گوتی بڕۆ ئەنجامی بدە." من بە هەڵاتن ئەوێم بە جێ هێشت.

. . .

Det var så intressant att betrakta mormor, bananerna och den stora stråkorgen. Men mormor skickade iväg mig till min mamma på ett ärende. ”Mormor, snälla låt mig titta på medan du förbereder...” ”Var inte envis barn, gör som jag säger!” insisterade hon.

رۆژی پاشتر کاتێك نەنکم لە باخچەکەدا خەریکی سەوزی ڕنینەوە بوو، من بەدزیەوە چوومە ژوورەوە و تەماشای مۆزەکانم کرد. زۆربەیان پێگەیشتبوون. من نەمتوانی کە خۆم رابگرم و هێشوویەکی چوار دانەم هەڵگرت. کاتێك کە بە ئەسپایی بەرەو دەرگاکە دەڕۆیشتم، لە دەرەوە گوێم لە دەنگی کۆخەی نەنکم بوو. من تەنیا توانیم مۆزەکان لە ژێرکراسەکەمدا بشارمەوە و بەپشت ئەودا بڕۆم.

. . .

Följande dag, när mormor var trädgården och plockade grönsaker, smög jag mig in för att kika på bananerna. Nästan alla var mogna. Jag kunde inte låta bli att ta fyra stycken. När jag smög ut på tå hörde jag mormor hosta utanför huset. Jag lyckades precis gömma bananerna under min klänning och gick sedan förbi henne.

کاتێك گەڕامەوە نەنکم لە دەرەوە دانیشتبوو، بەڵام سەبەتەکە ومۆزەکان لەوێ نەبوون. "نەنە، سەبەتەکە لە کوێیە ؟ مۆزەکان لە کوێن و لە کوێن ...؟" بەڵام تاقە وەڵامێك دەستم کەوت، ئەوە بوو: "ئەوان لە جێگا جادویەکەی منن." ئەوە زۆر هیوابڕاوکەر بوو!

. . .

När jag kom tillbaka satt mormor på utsidan men ingenstans fanns korgen eller bananerna. ”Mormor, var är korgen med alla bananerna...” Men det enda svaret jag fick var: ”De är på min magiska plats.” Jag blev så besviken!

رۆژی پاشتر، کاتێك نەنکم بۆ سەردانی دایکم هاتبوو، من بە خێرایی بۆ ماڵەکەی رۆیشتم تا جارێکی دیکە چاوم بە مۆزەکانی بکەوی. هێشویەك مۆزی زۆر گەیشتووی لێبوو. من دانەیەکیانم برد و لە ناو کراسمدا شاردمەوە. پاشان سەبەتەکەم داپۆشیەوەو چوومە پشت خانووەکە و بە پەلە خواردم. ئەوە شیرینترین مۆزێك بوو کە تا ئێستا تامم کردبوو.

. . .

Nästa dag när mormor kom för att besöka min mamma, rusade jag över till hennes hus för att titta på bananerna igen: Det fanns en hel hög med mycket mogna bananer. Jag tog en och gömde den under min klänning. Efter att ta täckt korgen igen gick jag bakom huset och åt den snabbt. Det var den sötaste banan jag någonsin hade smakat.

دوو رۆژ دواتر، نەنکم منی نارد کە وەکازی لە ژووری نوستنەکەی بۆ بێنم. هەر کە دەرگاکەم کردەوە بۆنێکی زۆری مۆزە گەیوەکانم کرد. لە قوژبنی ناو ژوورەکەدا، سەبەتە گەورە حەسیرییە جادوە کەی نەنکمی لێ بوو. ئەو بە جوانی بە پەتوویەکی کۆن شاردرابۆوە. من لە سەرم هەڵدایەوەو بۆنێکی خۆشم کرد.

. . .

Två dagar senare skickade mormor mig till sitt sovrum för att hämta hennes käpp. Så fort jag öppnade dörren slog en stark doft av mognande bananer mot mig. I det inre rummet stod mormors stora magiska stråkorg. Den var väl gömd under en gammal filt. Jag lyfte på den och luktade på den underbara doften.

دەنگی نەنکم رایچڵەکاندم، کاتێك بانگی کردم: "ئەوە تۆ چی دەکەی؟ زووکە وەکازەکەم بۆ بێنە." منیش بە پەلە پەل بە وەکازەکەیەوە هاتمە دەرەوە. نەنکم پرسی: "ئەوە بە چی پێدەکەنی؟" پرسیارەکەی وای لێکردم کە ئێساش زەردەخەنەم لە سەر لێوان بێت بە ئاشکرا کردنی جێگا جادوەکەی ئەو.

. . .

Mormors röst fick mig att rycka till när hon ropade: ”Vad gör du? Skynda dig på och hämta käppen.” Jag skyndade mig ut med hennes käpp. ”Vad ler du åt?” frågade mormor. Hennes fråga fick mig att inse att jag fortfarande log för att jag hade hittat hennes magiska ställe.